# ئێواره ئاو...

## (چیرۆکە شیعر)

**ئالان پەری**



تەپوتۆزی ئەو ئێوارەیە هەتا ئێستا بەسەرشانم نیشتووە،گەرمیی ئەوماچانە هێشتا لێوەکانم ئەسوتێنێت..ئەوئێوارەیە تارمایی لەقینی خۆی هەڵگەڕاو, بوو بە ئاسمانێکی سور ، و دیوارە ڕەشەکان بەتەواشیری منالّیی سپی کران .....

ئەو ئێوارەیە.....دەریاو...نان و...ماسی و...خۆڵ..لەگەڵ جەستەی منا تەڕبوون، ،لەگەڵ سۆزی بێ کۆتایی باخچە گشتیەکانی گەنجێتی ترس ،لەناو ڕقی دڕکە چەقیوەکان بە خوێنی ڕاستی، ، مت بوون. ئەوئێوارەیە پڕبوو لە بۆنی ئاو..!!!..زەنگی ئەوگوڵە پەمووانە بۆسپییێتی خۆیان هەرلەدوورەوە دەبیسترا، ،ڕەنگی گڵ تادەهات تەڕتر دەبوو...خۆنوساندنی کۆترەکان بەیەکەوە ئومێدی بەردەوامی فڕینیان دەبەخشییە ئاسمان...نمایشی ڕەنگینی هەوا بۆ گەڵاکان کۆتی هەناسەکانی دونیای دەکردەوە...هەرچی کرمی نا حەزی ناوشاریش هەیە لەگەڵ خنکادنی یەکەم بیری تاریکی، دەهاتنە خۆکوشتن .

ئەوئێوارەیە دەمێک بوو بەفر نەسوتابوو...سوتا..!.. دەمێک بوو ڕەوڕەوەی درۆ نەشکابوو... شکا !..

ئەوئێوارەیە هەموشتێ ڕەنگی ئاوی گرتبوو..وشەی شەوان و بۆنی بەیانیان و سێبەری گیاو، ،تابلۆی مەمکێکی ڕووت لە گۆشتی لەزەت و..، ،گریانی بێئاگای نەورەس و..ئاوێنەی نوقمی دەریا...هەمویان دەنگی ئاویان کردبووە .

هەرمن نەبێ......،هەر من نەبێ، ڕەنجی بێ هودەیی ڕەشەبام کردبووەکۆڵ..من نەبێ وشک وشک لە ئەستێرەیەکی تینو بۆ ڕوناکی، دەچوم .

ئەوئێوارەیە...جنجاڵیی لاشەکان لەسەرەوخۆ تیمار دەبوون..قۆرتەی جەنگەکان پڕەبونەوەلەخۆشەویستی،مانگیش بەهێمنی لەژێر سەرینی شەو دەخەفت....... من نەبێ..... ڕومەتم گازی چرکەکانی ژیانی لێ نەگیرا.. من نەبێ ....،فێنکیی شیعرەکانی ئێواران لەماندوێیتی بینینی من دەتوانەوە ...

ئەوئێوارەیە دوکەڵ دوور فڕی و جیهانیش بوو بەبەهەشتی جەنگاوەرە بێ پەنجەو بێ چەکەکان......،ماسولکەی هەتاو جوولاَ و دڵی بارانیش کەوتە لێدان...من نەبێ........قژم لەگەڵ پرچی پەنجەرەشکاوەکانا گیر بوو..لاشەم لەگەڵ وردەشوشەکانا لەژێر عیفەتی گەڵا نێژرا بوو .

ئەوئێوارەیە ..ئێوارەی بەردەوامی بوو...ئاوم بینی سەمای تنۆکە شینەکانی خۆی ڕۆ دەکردەوە،منیش زۆر لەدوورەوە..تەماشای ئەوزاووزێیەی نێوان خاک ئاو دەکرد .